# گوڵە شوكرانی !..


**ئەرسەلان مەحمود**

Arsalan852@yahoo.com

Arsalan74@skype.com




ئێوارانم

پایزیك بوون

وەرزی عومرم گەڵا ڕێزان..

ئاخر گوڵم بۆچی واتكرد

كارەسات بوو

لێكدابڕان ..

چ گوناهێكە بەبێ هۆبێ

هەڵوەرین و

تێكدانەوەی گرێبەندی

ژیان!..

دۆڕاندنی عەقڵ و عیشقە..

یان وەرینی ئەستێرەكان !..

زوڵمەتێكی تەژیتر بووی

لە تاریكی..و

بەبێ پەروا پەڕوباڵی دواپەپولەی

ژینت سوتاند..

ڕۆژانێك بوو

چاوەكانی چاوەڕوانی هەموو

دەم بووی..

سالآنێكیش هەورە بروسكەو

بارانێكی پڕ لەخەمبووی..

ئێستاكەش..وا

تنۆك تنۆك

ئەشكی چاومی و

چرۆی هیوام دەژاكێنی..

بۆ نەتپرسی؟..

تەنهاجارێ بۆ لەدەریات نەدەپرسی؟..

چۆندەکرێ چۆن
ماسی لەئاو جیاکرێتەوە!..
چۆنت توانی ئەو ژیانە ژیکەڵانە
لەویژدانتا بسڕیتەوە!..
لەنیوەڕۆی ڕۆژگارێکدا
وەك وونبوونی
ئەستێرەکان..
لەسەرەتای شەوگارێکدا
وەك زوڵمەتی
تاریکستان
لەگێژاو..و
زریانێکدا بەجێتهێشتم
بڵێی گوڵم
چۆن بتوانێ گوناهەکانت پاککەیتەوە؟!..
چ ڕێسایەك ویژدانت بۆ بچنیتەوە؟!..
چییەك نەما بۆتی نەکەم
ئاوێزەیم بۆ ڕاوکردی
دڵی دنیام بۆداگرتی
وەلێ نابێ چۆن ڕو ئەدات
لەبەردێکدا
ئەویندارێ چرۆبکات!!..
درەختەکانی بەختەوەریت
من شکۆفەم پێدەرکردن..
خۆرەتاوی سپێدەیت
من کازیوەم پێدەرکردن..
لەپێناو تۆ
کێوەکانی ئازاری رووح
ساڵەهایە بەکۆڵمەوەن..
وتم ڕازێ..
تەنها جارێ یەك تۆز وەفا
بۆ سۆزێکت

هاوارم بوو دادی نەدای
تەمەن هەمووی بە با ڕۆیی
توامەوە دادی نەدای
مەخلوقێکی بێدەربەست بووی
چاو لەدەست..و
ویژدان سست..و
هیچ نەبیست بووی !
لەبەر ڕێژنەی ئەشکی منا
بوی بەچەپکێ لەخامۆشی....و
بووی بەخەزان !
وەکو تاووس چەتری غروریت
لیهەڵدا..و
وەکو قومریش
لە درەختێکەوە بۆ درەختێکی تر
بازتدا..
نەرمە شێی دەمپایزیم بووی
لەبەرتیشکی هەتاویما
توایتەوە..
ئەو گۆرانیەی دوێنی ئەوین
فێری کردم
تاسەفەری عومر ماوە
دڵنیابە نایڵێمەوە
هەزارهێندە
خۆرگیرانبێ ژیانی
من...
خەزەڵوەربێ دەزگیرانم..
ئەی گێژەنی
سەرە ڕێی دوور..
تۆمەرگەژی و منیش
واژین!..
بڕیار وابوو

هاوسەفەری تائەوسەربی..

هاوسەرم بی

( کواژین )م بی!..

لەو ڕۆژەوە

گێژەنی باو شەڕابی خاوو

هەموو شەوێ

میوانمن..و

ئەواندەڵێن لەخەمی خۆت بڵندتری..

واتێنەگەی لەزیندانی

بەجێماوی

نیشتیمانی بێ جێماودام..

تۆی بزربووی لەناوقوڕگی

تاریکیدا

لەباوەشی حەجاجێکی پشتوێن

پان..و

پانتۆل کورتی قەترانیدا!..

لەدوای تۆوە

کەزیە ئاڵتونیەکانی خۆرەتاو

لەئەوین و دەسخەرۆی

سحری سەراب..

لەهەمووشتێ

لەتۆ..و

لەگیانی بێگیانی

خۆیشم

نەفرەت دەکەم..

بڕۆ ئیتر

لەباوەشی گەورەترین

گەورە دلۆپەکانی

شەرمەزاریدا..

لەئامێزی غروریدا

تۆ بتلێوە..تۆ بتلێوە..تۆ بتلێوە..

( كوا )...باريكرد

دەبێ ( ژین ) بژی

( كواژین ) ی من

ئارەزوومە

بۆتائەبەد نەتبینمەوە..

بڕۆ ئیتر

لەدەریای مردودا مەلە كوتێ

بكە..و

مەگەڕێوە..مەگەڕێوە..مەگەڕێوە..

گوڵە شوكرانی

مەگەڕێوە!..

بڕیارە..و سوێند

بەو ژیانەی لێت شێواندم

بەو جوانییەی لێت

سوتاندم

مۆزەخانەیەك

لەیاد..و

پەرتوكێ لەئاهەنگ..و

رۆمانێ

لەگوناهەكانت

وەك كەشكۆڵی بەرباخەڵی

ئەویندارا

لەوڵاتی هەڵوەرینا بكەمەوە..و

خۆت وخۆیشم

بنوسمەوە..

- تێبینی ( كواژین ) مەبەست لەناوی مناڵێكی بەجێماوە!..

ڕانیە 2006/4/17